# خوای گەورە لە ئەنساڕ، ومنداڵەکانی ئەنساڕ، ومنداڵی منداڵەکانی ئەنساڕ خۆش بە

لە زەیدی کوڕی ئەڕقەمەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خوای گەورە لە ئەنساڕ، ومنداڵەکانی ئەنساڕ، ومنداڵی منداڵەکانی ئەنساڕ خۆش بە».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نزا دەکات بۆ ئەنساڕەکان -پشتیوانان- کە خەڵکی مەدینە بوون وناونران بە پشتیوانان -ئەنساڕەکان- چونکە بە هەموو شێوەیەک پشتیوانی موهاجیرینەکانی -کۆچکارەکانی- مەککەیان کرد لە باوەڕداران، نزای بۆیان کرد بەوەی خوای گەورە لە ئەوان ولە منداڵەکانیان ولە منداڵی منداڵەکانیان خۆش بێت، وئەم فەرموودەیە فەزڵ وپلەپایەی ئەوان ونەوەکانیان دەردەخات لە پاش خۆیان.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee